# ئینجیل بۆ منداڵان

## دەستپێکی خەمناکی پیاوەکە



Edward Hughes :نوسراوە لەلایەن

Byron Unger; Lazarus :ڕوونکراوەتەوە لەلایەن
Alastair Paterson

M. Maillot; Tammy S. :ڕێکخراوە لەلایەن

christian-translation.com :وەرگێڕدراوە لەلایەن

Bible for Children :بەرهەم هێنراوە لەلایەن
www.M1914.org

©2020 Bible for Children, Inc.
مۆڵەت: تۆ مافی ئەوەت هەیە کە ئەم چیرۆکە پرێنت یاخود کۆپی
بکەیت، بەو پێیەی کە تۆ نەیفرۆشیتەوە بە پارە.


خودا هەموو شتێکی دروستکرد! کاتێك
خودا یەکەمین پیاوی دروستکرد، ئادەم،
ئەو لە ناو باخچەی بەهەشتی عەدەن لەگەڵ
خێزانەکەی، حەوا، دەژیان.
ئەوان لەوپەڕی خۆشیدا بوون بە
گوێڕایەڵی کردنی
خودا و خۆشی لە
هەبوونی دەکرد
هەتا
ڕۆژێك...



"خودا پێی نەگوتیت
کە لەو درەختە نەخۆیت؟"
مارەکە پرسیاری لە حەوا
کرد. "ئێمە دەتوانین لە هەموو
میوەیەك بخۆین تەنها یەك
دانە نەبێت،" وەڵامی دایەوە.
"ئەگەر ئێمە بیخۆین یاخود
دەست لەو میوە بدەیت، ئێمە
دەمرین." "نامریت،" مارەکە بە
پێکەنینەوە.



"تۆ وەکو خودات لێدێت." حەوا میوەکەی لەو دارە دەویست. ئەو گوێی بۆ مارەکە گرت و میوەکەی خوارد.

دوای ئەوەی کە حەوا بێگوێی خودای
کرد، ئەو وای لە ئادەمیش کرد کە میوە
لە درەختەکەش بخوات. دەبوا ئادەم بڵێت
بڵێت، "نەخێر! من سەرپێچی
فەرمانەکانی
خودا ناکەم."







کاتێک
ئادەم و حەوا
تاوانیان کرد،
هەردووکیان دەیان زانی کە ڕووتن.  گەڵای هەنجیریان
دەدوریو دەیان کرد بە بەروانکە، خۆیانیان پێدادەپۆشی و لە
پشت درەختەکە خۆیان شاردبووەوە لە خودای گەورە.

له ئێوارەیکی جواندا خودا هات بۆ باخچەی
بەهەشتی عەدەن. ئەو دەیزانی کە ئادەم و
حەوا چییان کردووە. ئادەم حەوای تاوانبار
دەکرد. حەوا مارەکەی تاوانبار دەکرد.
خودا فەرمووی، "مارەکە نەفرەت
لێکراوە.  ژن ئازاری دەبێت کاتێك
منداڵ لەدایك دەبێت."



"ئادەم، لەبەر ئەوەی تۆ تاوانت کرد،
زەوی نەفرەت دەکات بە دڕك و
درەختی دڕکاویەکان.  مەینەتی و
هیلاکی دەچێژیت بۆ ئەوەی خواردنی
ڕۆژانەت دەست بکەوێت."





خودا ئادەم و حەوای خستە
باخچەیەکی زۆر سرنجڕاکێشەوە.
لەبەرئەوەی تاوانیان کرد، ئەوان
جیاکرانەوە لە ژیانەی کە خودا
بۆی ئامادە
دەکردن!


خودا شمشێرێکی ئاگرینی
درووستکرد بۆ ئەوەی ئەوان بکاتە
دەرەوە. خودا چاکەتی درووست
کرد بۆ پێستی ئادەم و حەوا.
خودا ئەو پێستەی
لەکوێ هێنا؟

لەوکاتەی، کە خێزانێك درووست بوو بە ناوی ئادەم و حەوا. یەکەمین کوڕی، قابیل، باخەوان بوو. دووهەمین کوڕیان، هابیل، شوان بوو. ڕۆژێك قابیل هەندێك میوەی بە دیاری بۆ خودا هێنا. هابیل هەندێك لە باشترین مەڕەکانی وەکو دیاری هێنا بۆ خودا.



خودا دڵخۆش بوو بە دیاریەکەی قابیل.

خودا دڵخۆش نەبوو بە دیاریەکەی قابیل. قابیل زۆر توڕە بوو. بەڵام خودا گوتی، "ئەگەر تۆ ئەوە بکەیت کە ڕاستە، ئەوە قبوڵ ناکرێیت؟"



توڕەییەکی قابیل دانەدەمرکایەوە.
هەندێك کاتی دواتر لە دەشتەکەدا
هێرشی کردە سەر هابیل و کوشتی!



خودا قسەی بۆ قابیل کرد.  "براکەت، هابیل، لە کوێییە؟"  "نازانم،" قابیل درۆی کرد.  "من پارێزەری براکەمم؟" خودا سزای قابیلیدا بە لێسەندنەوەی توانای باخداری کردن و کردی بە کەسێکی گەڕۆك.



قابیل لە بەرچاوی خودا بزر بوو. هاوسەرگیری کرد لەگەڵ کچێکی ئادەم و حەوا. خێزانێکیان گەورە کرد. بەزوویی، کوڕەزاکانی قابیل و کوڕەزاکانی باوە گەورەی شارەکەیان پڕکردەوە کە دۆزرابووەوە.



لەکاتێکدا، خێزانەکەی ئادەم و حەوا بەخێرایی تەشەنەی دەکرد. لەو ڕۆژانەدا، خەڵک تەمەنێکی زیاتر دەژیان وەك لە ئەمڕۆ.



کاتێك کوڕەکەی سەیس لەدایك بوو، حەوا وتی، "خودا سەیسی دامێ بۆ ئەوەی جێی هابیلم بۆ بگرێتەوە." سەیس پیاوێکی خوایی بوو کە 912 ساڵ ژیا و منداڵی زۆری هەبوو.




لەم جیهانەدا، خەڵك زیاتر و زیاتر بەرەو خراپ
بوون دەڕۆن نەوە لە دوای نەوە. لە کۆتاییدا،
خودا بڕیاریدا کە مرۆڤ تێکبشکێنێت و
هەموو ئاژەڵان و باڵندەکان. خودا
پەشیمان بوو لەوەی کە مرۆڤی
درووست کرد.
بەڵام یەك پیاو
خودای لەخۆی
ڕازیکرد...



ئەم پیاوەش نوح بوو.  وەچەی سەیس، نوح
کەسێکی پاك و لۆمەنەکراو بوو. ئەو لەگەڵ
خودایا پیاسەی دەکرد.



ئەو هەروەها هەر سێ کوڕەکەی فێردەکرد کە گوێڕایەڵی خودا بکەن.  ئێستا ئیتر خودا پلانی دانا کە نوح بەکار بهێنێت لە ڕێگایەکی زۆر نامۆ و بەهێزەوە!

دەستپێکی خەمناکی پیاوەکە

چیرۆكێك لە قسەی خوداوە، ئەم ئینجیلە،

دۆزراوەتەوە لە

بنەڕەتی3-6

"چونە ژوورەوەی ئەو ووشانەی کە ڕۆشنایی دەبەخشێت." پسالم 130:119

# کۆتایی

ئەم چیرۆکی ئینجیلە پێمان دەڵێت دەربارەی خودا
سەرسوڕهێنەرەکەمان کە ئەو وای لێکردوین و دەیەوێت کە بیناسیت.

خودا دەزانیت کە ئێمە شتی خراپمان کردووە، کە ئەو پێی دەڵێت تاوان. سزای تاوان مردنە، بەڵام خودا زۆر تۆی خۆشدەوێت، ئەو تاکە کوڕەکەی ناردووە، عیسا، بۆ ئەوەی بە لە خاچدان بمرێت و سزابدرێت لەبەر تاوانەکانت. دواتر عیسا گەڕایەوە بۆ ژیان و گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی بۆ بەهەشت! ئەگەر باوەڕت بە عیسا هەیە و داوای لێبکە کە لە تاوانەکانت خۆش ببێت، ئەو لێت خۆش دەبێت! ئەو ئێستا دێت و لەناو تۆدا دەژی، و تۆ بۆ هەتا هەتایە لەگەڵ ئەو دەژیت.

ئەگەر بڕوات وایە کە ئەمە ڕاستییەکەیە، ئەمە بڵێ بۆ خودا:
عیسای بەڕێز، بڕوام وایە کە تۆ خودایت، و دەبیتە ئەو پیاوەی کە بمریت لە پیناو تاوانەکانمان، و ئێستا تۆ دوبارە دەژیتەوە. تکایە وەرە ژیانمەوە و لە گوناهەکانم خۆش ببە، لەبەرئەوە ئیتر دەتوانم ژیانێکی تازەم هەبێت، و ڕۆژێك دێت کە بۆ هەتا هەتا لەگەڵ تۆ بم. یارمەتیم بدە کە گوێ ڕایەڵیی تۆ بکەم و بژیم بۆ تۆ وەکو منداڵێکت. ئامین

ئینجیل بخوێنەوە و قسە لەگەڵ خودا بکە هەموو ڕۆژێك! جۆن 16:3